كوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە

ژن وەلا

نەجات روستی
najatrosty@yahoo.com

بەدەنگێکی نزمەوە.. شەرم قوڕگی گرتبوو نەیدەتوانی قسە بکات، چەند جارێك لە ئاست مامۆستا سەری بەرزکرد , بەشەرمەوە سەری داخستەوە بەوردییەوە گوێی بۆ قسەکانی شل کردبوو، ئەو وتانەی گوێی لێدەبوو بەلایەوە سەیر بوو، چونکە یەکەم جاربوو گوێی لەم وتانە بێ لە کەسێکی وا، بۆیە هەر وا هەستی دەکرد کە خەونە , بە پێچوپەنا قسەکانی دەکرد و نەیدەزانی چۆن پێی بڵێ ، بۆییە چەندین چیرۆکی لەو سەری دنیا بۆ ئەو سەری دنیا ئەهێنایەوە، ئەو هەسەتی دەکرد کە ئەیەوێ شێتێ بڵێ بەڵام نەیدەزانی چۆن بیڵێی.

شەرم هەموو گیانمی تەنیبوو حەزم دەکرد بڕۆم ناوە ناوە هەناسەم سوار دەبوو، خۆم بۆ نەگیرا هەستامە سەر پێ ئەویش لەگەڵ من هەستا بەخێراییەکی زۆرەوە، هەستم کرد پەشۆکاوە، داواکرد بەجێی نەهێڵم، دەستم برد بۆ پەرداخێك ئاو بۆ ئەوەی کەمێك هەناوم فێنك کەمەوە، پاش یەك کاتژمێر قسەکردن هیچی شتێکی راستەخۆ بۆ نەدرکاندم...

کە رۆیشتمەوە قسەکانی ئەوم لەبەر گوێم دەزرنگایەوە وهەمیشە بیرم لێ دەکردەوە، ئەو شەوە تا بەیانی بۆ چەند چرکەیەك خەون نەچووە چاوەکانم. تا رۆژێکی نوێ بووەوە وەکو رۆژانی تر بەرەو دەوام رۆیشتمەوە، چاوەکانم خەواڵوو بوو هاوڕێکانم هەستیان کرد کە من نەخەوتووم بەڵام لەرویان نەداوم باسی بکەن. بەر لەوەی کاتژمێر ببێتە دوانزەی نیوەڕۆ زەنگی تەلەفون لێدرا و ژمارەکەم نەناسی و وەڵامم نەدایەوە پاش تێپەڕبوونی چەند خولەکێك دووبارە زەنگ لێ درایەوە دیسان هەمان ژمارەی پێشو بوو ناچار وەڵامم دایەوە. پاش هەواڵ پرسین پێی وتم لەقسەکانی دوێنێم گەیشتی مەبەستم چی بوو؟...نا.. نازانم باشە حەز دەکەی راستەوخۆ پێت بڵێم...ئەی بۆ نا بەدەنگێکی نزمەوە وەك بڵێی کەسێك لەنزیکەوەیە: دەمەوێ بە شەریعەتی ئیسلام ببین بە ژن ومێرد، لەگەڵ بیستنی ئەم قسانەی مێشکم ژاوەژاوی تێکەوت وبێ دەنگ بووم وهیچم بۆ نەوترا، پاش چەند چرکەیەك بێ دەنگی داوای کرد رای خۆم بڵێم، توڕبوونێك دایگرتم وپێم وت مامۆستا تۆ پێشەوای موسوڵمانانی کچ وکوڕت بە ژن وبەشوون سێ هێندەی من تەمەنت هەیە و من بەکچی تۆ دەیشم. چۆن ئەم داوایەم لێ دەکەی مامۆستا کەوتەوە قسەکردن : ئیسلام رێگای داوە تا چوار ژن حەڵاڵە بۆ پیاو لە ڕوم نەدەهات تەلەفونەکە داخەمەوە، ناچار وتوم ئەمە نازەی .کچتە ئەیەوێت قسەت لەگەڵ بکات.

ناڵین: گۆشەیەکی چیرۆك ئامێزە بۆ هەفتەنامەی ژیانەوە دەنوسرێ..